

# نامدار قەرەداغی:

## لە ماڵی ئێمەدا هیچ کەسێک پێش من لە هونەردا ئیشی نەکردووە.. تا چوومە دەرەوەی وڵاتیش نە خولێکم دی و نە کەسێک حەرفێکی فێرکردم.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٥)

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو دەیکڕێ، لێرەوە وەرچەرخانێک لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ، بەتایبەتیش لەو کاتەوە ئەمە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، ئەوکاتە هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری تیپی مۆسیقاکەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، ئیتر هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری شەوکەت ڕەشید، دوای نزیکەی دوو ساڵ، لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەو هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازی بۆ هەندێکیشیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە، تا ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆریان بۆ دەکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧ بەولاوە وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی ئەو تیپە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا

ساڵی ١٩٨٢ هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێی دەکات، بۆ گۆرانیبێژەکان ئاواز دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات و دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیتر لەم تیپەدا دەست بەکارەکانی دەکات و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک بەماڵەوە دەچنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی) لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردییەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ. تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ کە لە ساڵی ١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوون و ئەم تیپە نوێیەیان دامەزراندووە، کە ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەی پێشوو جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە لە سەرەتای



نامدار قەرەداغی- ئازاد عەبدولواحید

ساڵی ١٩٧٧ـەوە چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەرەکان - فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی - بەڕێوەبەرێتی پێوەندییە گشتییەکان- ژمارە ١١٦٢٤ لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ١٩٧٨/٦، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ کە لە ١٩٧٨/٦/٢٥ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥) کەسن لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، عەلی حەمەڕەزا، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەبدولرەحمان محەمەد قەدری، مستەفا عەبدولرەحمان). دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەوجا ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر عەبدولڕەحمان دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵلا و سەلاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و

تیپی مەولەوی و تیپی مندالانی (بێخود) لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ـەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون، ساڵی ١٩٧٤ لە میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغدا، لەگەڵ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بەشدار بوون، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. هەر لە ساڵانی ١٩٧٧ـەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، هەروەها لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان - لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و مندالانی بێ دایک و باوک (میتم)، تەنانەت ئاهەنگیان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل لە سلێمانی گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەییە کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی هونەری کوردی هەبووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە، دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای هاوکارییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان لەپێناوی گیانی نەتەوەیی و بووژانەوە و بەرەوپێش بردنی زیاتری هونەری کوردی کردووە.

* نامدار قەرەداغی هەر لە ساڵی ١٩٦٩ـەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار و کاری پەروەردەیی و کارگێڕی ئیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە دابەشکردن و ئامادەکردنی گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەری بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانی (شەوانی شوانی) بۆ هونەرمەند سەلاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی و (٤) گۆرانی بۆ سەلاح مەجید و (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس و (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێری، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس ئامادە و دابەش کردووە، دواتر کاری بۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیم سەعید، ئاوات فایق، پرتەو عەبدولعەزیز، کاژاو شەوکەت، مەحموود محەمەدسەعید، ئەحمەد محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەد ڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەلات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە. ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی رووبار کە وەرگێران بە دەستکارییەوەی (ع. ع. شەونم)ـە، ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە، لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی گۆرانییەکی بۆ عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆری شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان هی شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شارباژێری، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری

کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخود تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم) و (ئەی شەهیدان) و (دایە ماڵئاوا) و (هیوا هیوا) و (وڕوکاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم) و (کارگەرین جەنگاوەرین) و (سەدەی بیستەمە) و (من ئەو دیلەم) و (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە) و (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا) خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات سەرەتا لەڕێی هاوڕێیەکی خۆی لە ڕێکخستنەکانی ناو سلێمانی، کە بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ دەڕوا، دواتر بەرەو ئێران دەچێ، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئێرەم خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەرێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەمەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، بۆیە ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئێرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە لە ماوەی هەفتەیەکدا موعامەلەیان بۆ دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان هەبوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگای شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووریین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون بەترانسێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا ڕۆیشتووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ، بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکات. ساڵی ٢٠٠١ قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران لە هۆڵەندا دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، دوو ڤیدیۆ کلیپیش بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی تیپەکە، لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ کە بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە. ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردن ئەم هونەرمەندە خۆی جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن

و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندایی بەناوی ئیکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا بەشداری میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسۆرڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندی دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان- لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە، دواتر کۆراڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆراڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی لە ڕێگەی تیپی کۆراڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤاتۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن لەوانە: ڕاپەڕاندنی سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا لە ساڵی ٢٠٠٥ دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کۆنسێرتی ٢٠٠٧/١٠/٧ لە هۆڵەندا کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەش کردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی پێکەوە کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن) کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە. سەمفۆنیای شیعری هەڵەبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت و ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی ٢٠٠٩/١٠/١٠ کە لە هۆڵەندا (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خەۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆراڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)، گەشتێک بە گۆرانییەکانی عوسمان عەلی، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بە ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسری ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمڤۆنیتا و کۆراڵی لینگوا میوزیکا، ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر بوون.

* دیسان کۆنسێرتی ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی

ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کارە هونەریانەش گۆرانی (ناکامی) وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی راین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غوڵامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، ئاوازی رۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر رێکی خستووە و لە یەکی داوە و دابەشی کردووە و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی) وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی راین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆڵتی کوڵتی کۆر رۆتردام. ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی رەفیق چالاک، ئۆرکێستی راین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی موڵتی موڵتی کۆر رۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار عومەر سەرپەرشتی کردوون و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت، ئۆرکێستی نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف) لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت.

* لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە، بۆیە کۆنسێرتی ٢٠١٦/٣/٥ بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی فۆکاڵ ئەنسەمبلە ئەلەخریا، گۆرانی (ئاڵاپۆش)، لە شیعری ئەحمەد محەمەدە کە بۆ پێشمەگەی نووسیوە و بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی رەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەمڵیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر بوون، ئەمە دوا کۆنسێرتی بووە کە لە ئەورووپا پێشکەشی کردووە، دواتر هاتووەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لەگەڵ گەڕانەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا) کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بو منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی دەیان کۆنسێرتی هونەری ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی چالاکی و کارە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، من ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە چالاکی و بەخششە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی پار توانیم ئەو ئەرکە رۆژنامەوانییە بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە، با بە یەکەوە گەشتێک بەناو ئەو وێستگانەدابکەین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**ڕامان:** سەرەتا خۆشحاڵبووم بە هونەرمەند نامدار قەرەداغی گەیشتمەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی تێروتەسەل سەبارەت بە وێستگەکانی ژیان و ئەو کار و چالاکییانەی بکەین کە بە درێژایی ساڵانی تەمەنی هونەریی خۆی بەرهەمی هێناون، سەرەتا بۆ ئەو هەیڤەیڤینە بەخێرهاتنت دەکەم.

**نامدار قەرەداغی:** زۆر سپاس، منیش سپاست دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.

**ڕامان:** ئێمە لە هەموو گفتوگۆکانماندا، کردوومانە بە نەریتێک، هەمیشە دەگەڕێینەوە سەر سەرەتای سەرەتایەکان، بۆیە دەمەوێ باسێکی ئەو ژینگەیەمان بۆ بکەی کە چاوت تێدا هەڵێناوە، ئەو خێزانەی ئێوە کەسیکی تێدا بووە مەیلی هونەریی هەبووبێ، یان کاری هونەریی کردبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** باوکم عومەر ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغای قەرەداغییە، بنجوبناوانمان بۆ قەرەداغ دەگەڕێتەوە، بەڵام باوکم هەر لە گەنجێتییەوە هاتووەتە سلێمانی و لەوێ ژیاوە، دایکشم خەڵکی شاری سلێمانییە، باپیرم بۆ ئیش چووەتە هەڵەبجە و لەوێ ئیشی کردووە، باوکیشم کە چووەتە هەڵەبجە، لەوێ وەک فەرمانبەرێک ساعی ئیستیهلاک بووە کە وەکوو بەڕێوەبەری گومرگی ئەمڕۆ وابووە، ئیتر لە هەڵەبجە دایکم دەناسێ، بەو هۆیەوە چەند ساڵێک لەوێ دەمێننەوە.

**ڕامان:** کەواتە تۆ لە هەڵەبجە لە دایک بووی، بەڵام لە سلێمانی ژیاوی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، من لە ١٩٥١/١/٢٢، لە هەڵەبجە لەدایک بووم، بەڵام پاش ساڵێک، یان ساڵ و نیوێک، ڕاستییەکەی بە تەواوی ئەوە نازانم، ئیتر باوکم لەوێ نامێنێتەوە و دەگەڕێتەوە سلێمانی، من کە لە هەڵەبجە ناونراوم، هیچم لە بیر نییە، چونکە زۆر منداڵ بووم و هەر لە سلێمانی ژیاوم.

**ڕامان:** ناوەکەشت نامدار بووە، بەو ناوەوە ناونراوی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەی لە خوشکە گەورەکەمم بیستووە ئەوەیە کە من لەدایک بووم، باوکم زۆر ئاسوودە بووە، هەرچەندە هەموو منداڵەکانی ناوی کوردی لێ ناون وەک: سەردار، سالار، نامدار، شۆڕش، سروە، ئاواز، دڵسۆز، دڵخواز، نازە، بەڵام لەو کاتەدا کە لە دایک دەبم، باوکم دەیەوێ ناوێکی دیکەم لێ بنێ، ئەوکاتە ڕەحمی بۆ باوکی دەجووڵێ و بە ناوی باوکی خۆیەوە کە باپیری منە، ویستوویەتی ناوم بنێ عەبدولڕەحمان.

**ڕامان:** دواجار چۆن بیروڕای خۆی گۆڕی و ناوەکەت بووە نامدار؟

**نامدار قەرەداغی:** سروەی خوشکم، کە خوشکی گەورەمانە، زۆر ئەمەی پێ ناخۆش بووە و دەڵێ نابێ ئەو ناوەی لێ بنێی، ئەگەر ئەو ناوەی لێ بنێن، دوایی منداڵان لە کۆڵان شیعرێکی کوردی هەیە پێی دەڵێن.

**ڕامان:** نازانی شیعرەکە چۆنە و چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** شیعرەکە لەناو منداڵان ئاوایە: ئاوڕەحمانە گوو دەرمانە، ئاگر بێنە و سەرمامانە.. لەو کاتەدا کە ویستوویانە ناوی من بنێن، بەڕێکەوت میوانێکی ئەودیو لە ماڵی ئێمە بووە.

**ڕامان:** نازانی میوانەکەتان کێ بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە داخەوە نازانم میوانەکە کێ بووە، ئەوەندە عەقڵم پێی نەشکاوە بڵێم کێ بوو، یان چ کارە بوو؟ ئەو پێشنیاری ناوێکی خۆشیان بۆ دەکا و دەڵێ نامدار، تا ئەوکاتە نامدار ناوێک نەبووە لە کوردستانی خۆماندا هەبووبێ، چونکە زیاتر ناوەکە هی

ئەودیوە، نام بە واتای ناو، نامدار لای خۆمان ناودارە.

**ڕامان:** وشەکە فارسییە، لە شیعری کوردیشدا زۆر جار شاعیران وشەی نام، لەجیاتی ناو بە کار دەهێنن.

**نامدار قەرەداغی:** ئیتر لەسەر پێشنیار و بیروڕای ئەو میوانەی ئەودیو منیان ناو ناوە نامدار، دەڵێن کەسێکی ڕۆشنبیر و ئەدیب بووە، لەوێوە من ناوم نراوە نامدار.

**ڕامان:** ئەوکاتە باوکت بە وەزیفە چووبووە هەڵەبجە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، وەک فەرمانبەرێک لە هەڵەبجە بوو، کە ئەوسا ساعی ئیستیهلاکیان پێ دەگوت، لەوێ هەر ئەو فەرمانبەر بووە، وەک بەڕێوەبەرێکی هەڵەبجە بووە، ئەوەندەی من بزانم ئیشەکەی ئەوە بووە. باوکم هەر لە گەنجییەوە تێکەڵی شاعیران و گۆرانبێژان و ئەدیبان بووە، ئەحمەدموختار بەگی جاف و حامید بەگ و ئەمانە هاوڕێی بوون و هەمیشە پێکەوە بوون.

**ڕامان:** حامید بەگی جاف، قایمقامی هەڵەبجەت مەبەستە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوانە ڕەفیقی یەکتر و تا دواییش هەر تێکەڵی یەکدی بوون.

**ڕامان:** ئەگەر لەبیرت مابێ باوکت لەو شاعیر و ئەدیب و نووسەرانەی لە هەڵەبجە تێکەڵاویان بووە، زۆرتر ناوی کێی بردووە، بە کێ سەرسام بووە، بەرهەمی کامیانی خوێندووەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە جافەکان سەرسام بووە، وەکوو ئەحمەدموختار بەگ و تایەر بەگی جاف و عەبدوڵڵا بەگی گۆران، کە خزممان بووە، بەداخەوە من ئێستاش نەمزانی خزمایەتییەکەمان لە چ پلەیەک دایە و چۆنە، بەڵام لە سەداسەد دایک و باوکم دەیانگوت عەبدوڵڵا بەگ خزممانە،



**سلێمانی، ساڵانی شەستەکان. لە ڕاستەوە: عومەر ئاغای عەبدولڕەحمانی حەمە ئاغای قەرەداغی، شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید.**

کە لە سلێمانی دەژیاین، ماڵمان نزیک ماڵی ئەوان بوو.

**ڕامان:** سەری یەکترتان دەدا، دەهاتنە ماڵتان و ئێوە دەچوونە لایان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، کە باوکم دەچوو سەری لێ دەدا، منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ لای، ماڵیان لە پشتەوەی ئیسکانی خوارەوە بوو، چاک بیرم دێ کە دایک و باوکم دەچوون بۆ لای، شتیشیان بۆ دەبرد، ئێستاش شێوەکەیم لەبەر چاوە، قەرەوێڵە ئاسنەکان هەبوو، تەختیان لەسەر دادەنا، لە ژوورەکە لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە پاڵ کەوتبوو، کە ئەمری خوای کرد، یەکەم کەس باوکم هەواڵی مردنەکەی گەیاند.

**ڕامان:** ئەی گۆران ماڵ و منداڵی لەگەڵ نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەگەڵی بوون، (هۆگر) و (ئەژی)ی هەبوو، ئەوانە برادەریشم بوون.

**ڕامان:** هەر ئەم دوو منداڵەی لەگەڵدا بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** من هەر ئەوانەم بەبیر دێ، چونکە دوای مردنی باوکیشیان ئەو دووانە بە بەردەوامی هاتوچۆیان دەکردین، ئێمە خزم بووین، وابزانم بەهۆی سیاسەتەوە هۆگر لەژێر ئەشکەنجەدا تۆزێک تێک چووبوو، باری دەروونیی تەواو نەبوو، هەردووکیان شاعیر و ئەدیب بوون، هۆگر دەهاتە ماڵمان، ئەژی زۆرتر سەری لێ دەداین، ئەژی تا ئەو دوادواییەش، کە چوومە دەرەوەی وڵات، بەردەوام دەهات بۆ ماڵمان، زۆر هاوڕێ بووین، پشتگیری لە ئیشە هونەرییەکانی من دەکرد.

**ڕامان:** ئەی هیچ قسەیەکی (گۆران)ت لەبیر نییە، یان جارێک تۆی دواندبێت؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، بەداخەوە من زۆر منداڵ بووم، تەنیا شێوەکەیم بەبیر دێ، ژوورەکەی و پاڵ کەوتنەکەی و قەرەوێڵەیەکی ئاسن و تەختەیەک، لەسەر جێگا کەوتبوو.

**ڕامان:** تۆ ئەوکاتە دیوتە، کە دوا مانگ و ڕۆژەکانی تەمەنی بووە و نەخۆش کەوتووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەندەی بیرم بێ دایک و باوکم خواردن و میوەیان بۆ دەبرد، بەڵام بەردەوام دەگوترا گۆران خزممانە، هاتوچۆ لە نێوانمان هەبوو، (ئەژی) و (هۆگر)یش هەر وەکوو خزم ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردین.

**ڕامان:** ئەوە (م. گۆران)مان زانی، ئەی بێجگە لەو، کەسەکانی تر کە سەردانیان دەکردن کێ بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانەی دیکە کە باوکم هاوڕێیان بوو و زۆر خۆشی دەویستن، یەکێکیان مەحموودی حەمەی لەیلێ بوو، کە بەردەوام لە بەغدا سەری لێ دەدا. لە (ڕەشۆڵ)ی هونەرمەند نزیک بوو، هەروەها بەبیرم دێ شێخ لەتیف شێخ مەحموود ڕەفیقێکی نزیکی باوکم بوو، زۆر لەگەڵی تێکەڵ بوو.

**ڕامان:** وادیارە باوکت لەگەڵ شێخەکان نێوانی خۆش بووە و زۆر تێکەڵاویان بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە گشتی باوکم لەگەڵ شێخەکان زۆر تێکەڵ بوو، بە تایبەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمر، بەبیرم دێ بە منداڵی منی بۆ داریکەلی دەبرد و شەو لەوێ دەماینەوە، لە بارەگاکەی شێخ مەحموودی حەفید کە ئەو کاتە (شێخ لەتیف)ی کوریشی لەوێ بوو، تێکەڵییەکی زۆری لەگەڵ هەبوو، بیرم دێ شێخ لەتیف و مەحموود حەمەی لەیلێ و ڕەشۆڵ زۆر هاوڕێی بوون، ڕەئووف یەحیا زۆر دەهاتە ماڵی ئێمە، بیرمە جارێکیان لە ماڵی ئێمەدا سیحری کرد، ئەم جۆرە کەسانە لە ماڵی ئێمە دەبینران.

**ڕامان:** چۆن سیحر و جادووی دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** جادووی دەکرد، من بینیومە لە شانۆش ڕەئووف یەحیا جادووی کردووە.

**ڕامان:** لە کام شانۆگەریدا جادووی کردووە، ناوی شانۆگەرییەکە چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نازانم شانۆگەرییەکە ناوی چ بوو، من هێشتا نەچووبوومە ناو دنیای هونەرەوە، مێزێکی دانابوو، لەوە دەچوو زەلامێک لەژێر مێزەکەوە بێ، کۆترێکی دایە دەستی و کچێکی کرد بە کۆتر و بە هۆڵەکەدا فڕاندی، ئەمەی لە هۆڵی سانەویی سلێمانی کرد.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەم پیاوانەی ناوت هێنان، باوکت هیچ وێنەیەکی ماوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ هەیەتی، لەگەڵ شیخ لەتیفی شێخ مەحموود هەیەتی، لەگەڵ هەندێک کەسی دیکەش هەیەتی.

**ڕامان:** پێم خۆشە دوایی ئەو وێنانە بڵاو بکەینەوە،

بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکان و مەحموودی حەمەی لەیلێ و (ڕەشۆڵ)ی هونەرمەند وێنەی هەبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بڕوا ناکەم ئەو وێنانە مابن، ئێمە هەموویمان هەبوو، لە مەنعی تەجەولەکەی ساڵی ١٩٦٣ی سلێمانی، چی وێنەمان هەبوو، زۆربەی زۆریمان لەناوبرد، سەرباز بە سەربانەکانی ئەم لا و ئەو لاوە بوون، ئێمە هەرچی وێنەیەک بە حاڵ جلی کوردیشیان لەبەربووایە دەماندڕاندن و دەمانخستنە گونجەکەوە، سالاری برام زۆر سەرقاڵی گرتن و کۆکردنەوەی وێنە بوو، هەموو کات کامێرای هەبوو، زۆر حەزی لێ بوو، زۆر وێنەمان هەبوو، زۆریانمان نارد بۆ قەرەداغ، خزمانمان لە چاڵدا دایاننابوون، بەداخەوە هەموویان فەوتان، شتی زۆر جوان و گرنگیان تێدا بوو.

**ڕامان:** بە گوێرەی قسەکانت بێ، دەبێ وێنە گرنگەکان نەمابن؟

**نامدار قەرەداغی:** هی منداڵیی خۆمان و ئەو وێنانەی باوکم ژمارەیەکی کەمیان ماون، زۆربەیان فەوتان، بەڵام هەندێکیان یادگارن و لەبیرمانن، بۆ هونەرەکەی منیش کە دەڵێن خانەوادەکەتان هونەریی بوون، هەمیشە گوتوومە نەخێر، لە ماڵی ئێمەدا هیچ کەسێک پێش من لە هونەردا ئیشی نەکردووە.

**ڕامان:** تۆ پێش هەموویان خەریکی کاری هونەری بووی، دوای تۆ سالاری برات هاتە ناو دنیای هونەرەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە خانەوادەکەماندا یەکەم کەس بووم دەستی هونەرم هەبووبێ، لەگەڵ سالاری برام پێکەوە دەستمان دایە مۆسیقا، بەڵام دوایی ئەو بەرەو نواندن ڕۆیی، سەرەتا پێکەوە کەمانێکمان کڕی، پێکەوە دەستمان بە ڕاهێنان کرد، کەچی ئەو زۆر تاقەتی فێربوونی ئەو کەمانەی نەبوو.

**ڕامان:** تەمەنت چەند بوو کەوتیتە ڕاهێنان، کەی بوو کەوتیتە مەشقکردن لەسەر کەمانچەژەنین؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو کەشەی ماڵی ئێمە وابوو، شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید و ڕەشۆڵ و مەحموودی حەمەی لەیلێ، دەهاتنە ماڵمان و لەگەڵ باوکمدا دادەنیشتن، کە جەویان وەردەگرت، گڵۆپی حەوشەکەیان دەکوژاندەوە، من لەوە تێ نەدەگەیشتم بۆچی گڵۆپەکە دەکوژێننەوە، دەمگوت لەوانەیە مەسەلەکە ئەمنی بێ، ئەم جەوەی ماڵی ئێمە ناڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر من، بە عەقڵی خۆم دەڵێم کە باوکم حەزی لە گۆرانی بوو و گۆرانیشی بۆ ئێمە دەگوت، هەموو کات میوانیشمان زۆر بووە، یان هەندێ جار لە قەرەداغەوە هاتوون بۆ لامان، قسە و دانیشتنی خۆش لە ماڵی ئێمە هەبووە.

**لەوانەیە لە سلێمانی یەکەمین کەس بووبین قەوانمان کڕیبێ، قەوانەکان بچووک بچووک و ڕەنگاوڕەنگ بوون.**

**ڕامان:** هیچ ڕێککەوتووە بە ماڵەوە بگەڕێنەوە قەرەداغ و لەوێ بژین، یان تەنیا لە هەڵەبجە و سلێمانی ژیاون؟

**نامدار قەرەداغی:** من هەڵەبجەم نەدی، بە یەک ساڵی، یان بە ساڵ و نیوی گەڕاوینەتەوە سلێمانی، ئەوپەڕی ساڵ و نیوێک لەوێ بووم، لەگەڵ ئەوەی لەوێش لەدایک بووم، من بە گەورەیی هەڵەبجەم دیوەتەوە.

**ڕامان:** ئەی بە ماڵەوە نەچوونەتەوە قەرەداغ؟

**نامدار قەرەداغی:** کە عومەر عەلی موتەسەڕیف بوو، باوکمی لە وەزیفەکەی دوورخستەوە، چەند مانگێک گەڕاینەوە قەرەداغ، چونکە لەوێ ئەرز و خانوومان هەبوو.

**ڕامان:** کەی گەڕانەوە سلێمانی؟

**نامدار قەرەداغی:** کە شۆڕشی ١٤ی تەممووز بەرپا بوو گەڕاینەوە، باوکم گەڕایەوە سەر وەزیفەکەی و لە دایرەی ئیخسیار (تووتن) فەرمانبەر بوو، ئیتر ئەگەر بچووباین بۆ قەرەداغ، تەنیا هاوینان حەفتەیەک، دوو، سێ ڕۆژ سەریکمان بدابایە، لە قەرەداغ خزم و کەسوکارمان زۆر بوو، دەڕۆیشتین و سەرمان دەدا.

**ڕامان:** وەک بەبیرت بێ، باوکت لە ژیانیدا بەندکردن و زیندانی دیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** زیندانی نەکراوە، بەڵام بیرم دێ لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ بوو، باوکم لە سلێمانی فەرمانبەری گومرک بوو، یان لە دایرەی ئینحیسار و تووتن بوو، لەسەر شێخەکان، عومەر عەلی هەڕەشەی لێ کردبوو، کە لە شێخەکان دوورکەوێتەوە، ئەگەر نا ئەوە لە وەزیفەکەت دوورت دەخەینەوە.

**ڕامان:** لەو کاتەدا ئەو موتەسەریفی سلێمانی بوو.

**نامدار قەرەداغی:** باوکم لەگەڵ شێخ مەحموود حەفیددا تێکەڵ بوو، لەگەڵ شێخ لەتیف هەر ڕەفیقی تەواوی بوو، زۆر جار بۆ ماڵی ئێمە دەهات، کەچی گوتبووی دەبێ واز لە شێخان بێنی.

**ڕامان:** هەر لە سەردەمی (عومەر عەلی)ی موتەسەڕیفیش بوو شێخ لەتیف گیرا، تۆمەت و شایەدیان بۆ دروست کرد تا بیگرن.

**نامدار قەرەداغی:** بە باوکمی گوت دەبێ واز لە شێخان بێنی، ئیتر لێت قبووڵ ناکەم، ئەگینا فەسڵت دەکەم. باوکم لە وەزیفەکەی پێی گوتبوو دنیا بڕووخێ واز لە شێخان ناهێنم، ئەوانە خۆشەویستی منن، هەرواش بوو، لە ساڵی ١٩٥٧ عومەر عەلی باوکمی لە



**سلێمانی، ١٩٧١، تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، تۆمارکردنی گۆرانی (زەماوەند)ی سەلاح مەجید. موزیکژەنەکان ئەوانەی بە پێوەن لە ڕاستەوە: شەوکەت ڕەشید. دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: عوسمان شاربازێڕی، کەریم عەلی، شێرکۆ عادل. ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: هۆشیار بابە، سیامەند عیزەت، نامدار قەرەداغی، جۆرج ئەوراهام، عەلی ڕەزا. ڕیزی سێیەم لە ڕاستەوە: نادیارە، حەمەسەعید، بەختیار ئیبراهیم.**

وەزیفەکەی دوورخستەوە.

**ڕامان:** ئەو کاتە باوکت هەر لە دایرەی ئینحیسار بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە تەواوی ئەوە نازانم، ئینحیسار (تووتن)، شتێک لەم بابەتانە بوو، دواتر دەتوانین لە ڕێگای براگەورەکەم و خوشکی گەورەم، ئەوە بزانین و زانیاریم دەست بکەوێ کە لە کوێ بووە، چونکە ئێمە تا نەگەیشتینە تەمەنەوە ئەم شتانەمان نەدەپرسی، عەقڵمان پێ نەدەشکا هەندێک شت بپرسین.

**ڕامان:** پێم خۆشە بێینەوە سەر ئەو شوێنەی کە گوتت هاتوچۆکردنی ئەو هونەرمەند و پیاوە گەورانە، ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هەست و نەستت بەجێهێشتووە و تۆیان بەرەو دنیای هونەر و ئیشکردن لە هونەر بردووە، تکایە درێژە بەو قسانەی خۆت بدە.

**نامدار قەرەداغی:** کە منداڵ بووم زۆر حەزم لە هونەر بوو، کە دەڵێم هاتوچۆی ئەو هاوڕێیانەی

دەوری ناڕاستەوخۆی هەبووە، لەوانەیە شتێک لە ناخمدا هەبووبێ، ئێمە هەمیشە گوێمان لە ڕادیۆی بەغدا، ڕادیۆی کرماشان، تەمسیلییە کوردییەکان، گۆرانییەکانی خالیقی گرتووە، قەوان هات بۆ سلێمانی، لەوانەیە لە سلێمانی یەکەم کەس بووبین قەوانمان کڕیبێ، قەوانی بچووک بچووک، ڕەنگاوڕەنگ بوو.

**ڕامان:** هی کام کۆمپانیا، چەقماقچی، یان بەیزافۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نازانم کام کۆمپانیایە بوو، بەڵام قەوانێکی بچووک بوو، قەوانەکان بە ڕەنگاوڕەنگی دەرچوون.

**ڕامان:** قەوانەکان گۆرانیی کوردییان لەسەر بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** کوردی، عەرەبی، ئەوانە زۆر بوون.

**ڕامان:** کوردییەکانت لەبیرە هی کێ بوون، دایکی جەمال، مەلا کەریم، عەلی مەردان؟

**نامدار قەرەداغی:** قەوانەکان هی ئەوانە بوون، عەلی مەردان، مەلا کەریم، لەناو قەوانەکان کۆمەڵێکی وای تێدا بوو، ئێمە بەردەوام گوێمان لە ڕادیۆی بەغدا دەگرت، زۆر بە جەلال کۆچەر و جەمال جەلال و کێ و کێ سەرسام بووین، لە ڕادیۆی کرماشان شێتی شوکرۆڵڵای بابان بووین، ئەو تەمسیلیانەی دەکران گوێمان لێ دەگرتن، هەموو شەوێ تەمسیل دەکرا، شەو نەبوو بیپەڕێنین، گوێمان لێ دەگرتن، ئەو کاتە تەلەڤزیۆن نەبوو.

**ڕامان:** بەڵێ وا بوو، ئەو تەمسیل و شیعر و گۆرانیانە میوانی هەموو ماڵە کوردێک بوون، منیش وەکوو هەموو ئەندامانی خانەوادەکەمان گوێم لە شیعر و تەمسیل و گۆرانییە کوردییەکانی ئێزگەی کرماشان گرتووە.

**نامدار قەرەداغی:** کە تەمسیلیان دەکرد و تەقەی قاچی ئەسپەکان دەهات، لە مێشکی خۆماندا ئەسپەکانمان دەبینی، ئەوە زۆر لەلامان گرنگ بوو، ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، شتی ساکار بوون، بەڵام کاریگەریی گەورەیان لەسەرمان هەبووە، ئەو گۆرانییانەی خالیقی و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و ئەوانی دی کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو.

**ڕامان:** شیعر خوێندنەوەکانی شوکرۆڵڵای بابان بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگران و ڕاکێشانیان بۆ لای شیعری کوردی زۆر گرنگ بوو.

**نامدار قەرەداغی:** ئێستاش کە گوێم لە شوکرۆڵڵای بابان دەبێ چێژی لێ وەردەگرم. لەگەڵ سالاری برام چووین تۆمارکەرێکی بچووکمان کڕی، ئیتر دەنگی خۆت تۆمار بکە و لێی بدەرەوە، دواتر تەپڵم دەست کەوت، لە مەجید بەگ، قەرەجەکان هاتنە ئەوبەر ماڵی ئێمەوە، چووم بۆ لایان و تەپڵی شەربەم لێ کڕین، ئیتر دەست بکە بە تەپڵ لێدان، دواتر شمشاڵی تەختەم دەست کەوت، فووی پێدا بکە و لێی دە و گۆرانی بڵێ، هەر خەریکی ئەم جۆرە شتانە بووین، شیعرم دادەنا، ئاوازم دادەنا، هێشتا هیچم نەدەزانی هەر فووم پێدا دەکرد و بە عەقڵی خۆم ئەمانە زۆر گرنگ بوون.

**ڕامان:** تۆ هەر بە خۆڕسک خۆت فێری شمشاڵ لێدان کرد، یان کەسێک هەبوو ڕێنماییت بکاو پێت بڵێ چی بکەی و چی نەکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، کەسی وا نەبوو.

**ڕامان:** هیچ خولێکیشت نەدی؟

**نامدار قەرەداغی:** تا چوومە دەرەوەی وڵات، هیچ خولێکم نەدی، هیچ کەسێک حەرفێکی پێ نەگوتم، پێم بڵێ ئەمە وا دەبێ و وا نابێ، کاتێک گەورە بووم، ڕۆژانە لەگەڵ سالاری برام، بەردەوام

خەریکی ئەم شتانە بووین، دەچووین دەنگمان تۆمار دەکرد، شمشاڵ و تەپڵمان لێ دەدا.

**ڕامان:** وەک دیارە لە شمشاڵ و تەپڵ لێدان باش بوون، بەو خەریک بوونەتان، کە شمشاڵتان لێ دەدا ئاوازەکانتان دەردەهێنا؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بە عەقڵی ئەوسای خۆمان ئاوازەکانمان دەردەهێنا، بێگومان کەموکورتی زۆر بووە، ڕۆژێک لەگەڵ سالاری برام، لە بازاڕی شووشە پیاسەمان دەکرد، عومەر عەلی ئەمین، باوکی گەزیزە، هونەرمەندی گەورە کە لە ماڵی تەها خەلیل لەگەڵ گەزیزەی کچی تەمسیلیان تۆمار دەکرد، دەچووم بۆ لایان و هەمووم بۆیان تۆمار دەکردن، لەوێوە دەیاننارد بۆ ئێزگە، من ئەوکاتە تۆمارگای کانیاوم هەبوو کە لەسەر شەقامی پیرەمێرد، لە خوار ماڵەکەی (تەها خەلیل)ـەوە بوو.

**ڕامان:** دەڵێن ئەو هونەرمەندە لە شەستەکان دووکانێکی لەو بازاڕەدا هەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە بازاڕی شووشە، دووکانی پۆشاکی ژنانی هەبوو، ئێمە دەگەڕاین و پیاسەمان دەکرد، لە پڕ کەمانێکمان لە جامخانەکەیدا بینی، تا ئەو کاتە من ڕاستەوخۆ کەمانم نەدیبوو، لە تەلەفزیۆن کە ئەو کاتە زۆر نەبوو هاتبووە ماڵەکانەوە، سەیر دەکەم کەمانێک دانراوە، هەر کە بینیم شێتی کەمانەکە بووم، لەگەڵ سالاری برام بە پرتاو چووینە ژوورەوە بۆ لای، بە پەلە پەل گوتمان خاڵە گیان، خاڵە گیان، ئەو کەمانە بە چەند؟ گوتی نایفرۆشم. گوتمان زۆر پێویستمان پێیەتی، بۆ نایفرۆشی؟ گوتی نایفرۆشم، بۆ جوانی لەوێم داناوە.

**ڕامان:** دووکانەکە شوێنی فرۆشتنی ئامێری مۆسیقا نەبووە، کەچی کەمانێکی لە جامخانەکەی داناوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە هەموو سلێمانی یەک دووکانی فرۆشتنی ئامێری مۆسیقای تێدا نەبوو، نە کتێبێک، نە ئامێرێک، هیچی تێدا نەبوو، چووینەوە سەری، ئێمە بە جووتە سەرمان کردە سەری و زۆرمان لێ کرد، ئیتر نازانم یەکەم ڕۆژ، یان دووەم ڕۆژ ڕازی بوو، ڕاستییەکەی بە تەواوی ئەوەم بیر نییە.

**ڕامان:** کەمانەکەتان بە چەند لێ کڕی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەندەی بیرم بێ گوتی نۆ دینار و نیو، نۆ دینار و نیو بۆ گەنجێک پارەیەکی کەم نییە.

**ڕامان:** نازانی بە تەواوی ساڵی چەند بوو ئەو کەمانەت کڕی، بەڕای من دەبێ ئەوە ساڵانی شەستەکان بێ؟

**شەوکەت ڕەشید بۆ من باوکێکی ڕۆحیی هونەریی بوو.. کە دەستیشمان پێکرد لە هەموو سلێمانی یەک دووکانی فرۆشتنی ئامێری مۆسیقای تێدا نەبوو.**

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ساڵانی شەستەکان بوو.

**ڕامان:** مەزەندە دەکەی شەست و چەند بێ، ساڵی ١٩٦٥ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لەوانەیە سەرووتر بێ.

**ڕامان:** هەر دەبێ ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ بووبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لەو دەورووبەرانەیە، ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ بوو، من و سالاری برام نۆ دینار و نیومان پێ نەبوو، ئەوە بوو چووینە لای باوکمان، باوکیشمان کەسێکی زۆر پەروەردەیی بوو، دایکمان هەمان شت زۆر پەروەردەیی بوو.

**ڕامان:** مەبەستت لە پەروەردەیی بوونی دایک و باوکت چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ژیانماندا نە لە دایک و نە لە باوکمان نەمانبیستووە وشەیەکی نزم،

یـان وشـەیەکی زبرمـان بـۆ بـەکار بێنـن، ئاخـر ئەوەیـە پـەروەردەی ڕاسـت، ئێمـە پـەروەردەی دەسـتی ئـەو دایـک و باوکەیـن، بـرای گـەورە و خوشـکی گەورەشـم هـەر ئـاوا پـەروەردە بـوون، باشـە ئەوانـە بۆچـی ئێمەیـان ئەوەنـدە خـۆش ویسـتووە.

**ڕامـان:** دواجـار چـۆن پارەی کڕینـی کەمانەکەتان پەیدا کرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هەرچۆنێـک بـوو نـۆ دینـار و نیوەکەمـان پەیـدا کـرد و چووین کەمانەکەمان کڕی، بـە عەقڵییەتـی خـۆم کـە منداڵێکی زۆر بچووکیـش نەبـووم، بڵێـی عەقڵـم هیـچ شـتی وای تێـدا نییـە، گوتـم ئێسـتا ئـەم کەمانـە دەبەمـە ماڵـەوە، حـەزم لـە گۆرانیـی (لۆرکـێ لۆرکـێ)ی حەسـەن زیـرەک بـوو، دەچـم ئـەوەی پـێ لـێ دەدەم، ئـەوە نییـە بـە شمشـاڵەکە لێـی دەدەیت و بـە تەپڵەکـە ئیقاعەکـەی دەردەکەیـت و بـە گۆرانـی دەیڵێـی.

**ڕامـان:** ئامێـری کەمـان، شمشـاڵ و تەپـڵ نییـە وا بـە ئاسـانی بتوانـی بیژەنـی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵـێ، ڕۆیشـتمەوە و گوتـم ئـەی خـۆ م. عومـەر عەلـی ئەمیـن هیـچ لـە کەمـان نازانـێ، ئامێرەکـەی کـۆک نەکـردووە، هـەر هیچـی لـێ نازانـێ، ئـەو تەنیـا بـۆ جوانـی لـەوێ دایناب‌وو، کـە چوومـە ماڵـەوە منیـش هیچـی لـێ نازانـم، لـە تەلەڤزیۆنـدا کەمانـم دەدی، ئاهەنگێـک بـوو لـە سانەویی سـلێمانی کەمانـم دی، تیپـی ئێزگـە هاتبـوو، جەمـال شـادان وەک میوانێـک گۆرانییەکـەی لەگەڵیانـدا گـوت.

**ڕامـان:** هـەر گرتنـی قەوسـەکە بـۆ خـۆی هونەرە و دەبـێ کەسـێک فێـرت بـکات.

**نامـدار قەرەداغـی:** ڕاسـتە، لەگـەڵ قەوسـم دەرهێنا و لێم دا، سـەیر دەکـەم لـە جیقـە جیـق زیاتـر هیچی دی نییـە، ئـەی هـاوار، مـن هەڵـە بیـرم دەکردەوە، ئەمـە شمشـاڵەکە نییـە فـووی پێـدا بکـەم و شـتێک دەرچـێ، چـی بکەیـن، چـی نەکەیـن، سـلێمانی چالاکیـی قوتابخانەکانـی هەبـوو، دەمبینـی ئەنـوەر قەرەداغـی و یـەک دوو کەسـی دیکـە جاروبـار بـە بـەر دەرکـی ماڵـی ئێمـەدا بـۆ لای باخچەی ساوایانی سـلێمانی دەڕۆیشـتن، نازانـم لـەوێ چییـان دەکـرد، لەوانەیـە شـوێنی کاریـان ئـەوێ بووبـێ.

**ڕامان:** لەناو باخچەی ساوایان دەوامیان هەبوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** باخچـەی سـاوایانی سـلێمانی کـە ئەوسـا هەریـەک تاقـە باخچـەی سـاوایان هەبـوو، ئـەوان بـۆ ئـەوێ دەچـوون، چالاکیـی قوتابخانـەکان لـەو نـاوە بـوو، وابزانـم ئـەوە چالاکیـی قەتابخانـەکان بـوو، ئیتـر ئـاوا سـەیری کەمانەکـەم دەکـرد کـە پێـم خـۆش بـوو هەمـە.

**ڕامـان:** وەک قەرەداغییـەک لـە هونەرمەنـد (ئەنوەر قەرەداغی)یـەوە نزیـک نەبوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتا زانیومـە ئێمـە لەگـەڵ ئەنـوەر قەرەداغـی خزمیـن، خەڵکی قەرەداغیشـە، چـۆن عەبدوڵـڵا گـۆران دەیگـوت خزمیـن، ئەویـش دەیگـوت خزمیـن، بـەڵام نازانـم خزمایەتییەکەمـان لـە چ پلەیـەک دایـە، ئەویـش هەمـان شـت هاتوچـۆی باوکمـی دەکـرد، زۆر هـاوڕێ بـوون، پێوەندیی لەگەڵیدا هەبـوو، بـەڵام مـن نـە دەزانـم ئەنوەر قەرەداغـی کێیـە، نە دەزانم خالید سـەرکار کێیـە، نـە دەزانـم ویلیـەم یوحەننـا کێیـە، باشـە لە کـێ بپرسـم. وەک کوڕێکـی گەنـج، ئەوانـە دەسـت هەمـوو کـەس نەدەکەوتـن، منیـش لـە کەمانەکـە نازانـم، کـەس نەبـوو و کەسـی وام شـک نەدەبـرد بڵێیـن بـە ئاسـانی بچـم بـۆ لای.

**ڕامان:** خولێک نەبوو بۆی بچی و فێر بیت؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هیـچ نەبـوو، بیـرم کـردەوە چـی بکەیـن، چـی نەکەیـن، بیسـتم لـە کەرکـووک دووکانێکـی مۆسـیقا هەیـە، کەلوپەلـی یـەدەگ دەفرۆشـێ، ئـەم کـوڕە گەنجـە سـوار بـووم چووم

بۆ کەرکووک، بگەڕێ و بگەڕێ ئەو دووکانە بدۆزەوە، ئاخر من زۆر شەرمنم، ماڵی ئێمە هەموومان بە شەرم بووین، ئەو کاتە ئەدەب وا بوو کە شەرمن بی و لە قسەی گەورە هەڵ نەدەیتێ و ئەدەبت تێدا بێ، بەڕێزەوە لەگەڵ بەرانبەرەکەت و لە خۆت گەورەتر قسە بکەی، خانەوادەی ئێمە هەموویان و منیش وا بووین.

**ڕامان:** ئەوکاتە زۆربەی خەڵکی شەرمن بوون، وەکوو منداڵی ئێستا نەبوون.

**نامدار قەرەداغی:** بەتایبەتی کە ئافرەتێک دەربکەوتایە دەبوو سەرت دابخەی، فێریان کردبووین دراوسێکەت پیرۆزە، ئەو خوشکی خۆتە، ئەگەر لە دڵیشتدا حەزت لە ڕەگەزی بەرانبەر کردبێ، بۆت نەبوو قسە بکەی، ئێمە بەو جۆرە پەروەردە بووین، بۆیە نەمانتوانی هیچ فێر بین.

**ڕامان:** کە چوون بۆ کەرکووک چیتان کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** کە چووین هەوڵمان دا ئەم دووکانە بدۆزینەوە، سەیر دەکەم کتێبی ڕۆڵاند (فێربوونی کەمانچە)ی هەیە.

**ڕامان:** دواجار ناوونیشانەکەتان زانی و توانیتان بیدۆزنەوە، ئەو کەسە خۆی، یان دووکانەکەی ناویان چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوەکەی خۆی، یان دووکانەکەیمان نەزانی، ناوونیشانەکەمان دۆزییەوە، نازانم چۆن دۆزیمانەوە، ئیتر بە پرسیار گوتیان لە کەرکووک بۆ نموونە لە گەڕەکی شۆڕیجەیە، گەڕەکەکەم بیر نییە، لە شۆڕیجە، یان لە ئیمام قاسم بوو، ئەوجا بڕۆ پرسیار بکە تا دۆزیمانەوە و خۆمان پێدا کرد، سەیر دەکەین کتێبی (فێربوونی کەمانچە)ی لێیە، بە ناوی ڕۆڵاند، ئەو کتێبەم ماوە و ئێستا لە ئەورووپایە، ئەو کتێبەی کە لە ڕێگەیەوە فێری کەمانچە بووم.

**ڕامان:** ئەو کتێبە بە چ زمانێک، عەرەبی، یان ئینگلیزی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە زمانی ئینگلیزی بوو، ئینگلیزیی ئێمەش شەقوشڕ بوو، کتێبەکە خۆی ڕاڤەکردنی تێدا نییە، هەر نۆتەیە، زۆر سەیرم کرد، سەرم لێ دەرنەکرد، دووکاندارەکە گوتی شتێکم هەیە پێی دەڵێن فیکە- صەففارە، فووی پێدا دەکەی، لەسەر ئەوە هەر چوار تەلەکەی کەمان کۆک- نەسب دەکرێن، وەک ئەو ئامێرە ئەلکترۆنیانە چۆن نەسب دەکرێن، کە فووی یەکەمیانم پێدا کرد، دەنگەکەی تیژە، لەسەر ئەو دەنگە، ژێیەکەی کۆک دەکرێ، هەمان شێوە دووەم و سێیەم و چوارەم فووی پێدا دەکەی، ئەو فیکەیەشمان کڕی.

**ڕامان:** کە چوونەوە سلێمانی توانیتان کەمانەکەتانی پێ کۆک بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** کە چووینەوە ژێیەکانی کەمانەکەمان پێ کۆک کرد، سەیری کتێبەکەمان دەکرد، ئەوە چییە و ئەمەیان چۆنە، ئەوەبوو بە عەقڵی خۆمان وردە وردە بۆی دەچووین.

**ڕامان:** ئەوەندە خەریکی کتێبەکە بوون، زمانی ئینگلیزیشتان نەدەزانی؟

**نامدار قەرەداغی:** هیچ زمانی ئینگلیزی نازانین، بەڵام نۆتەیە و وێنەی تێدایە، دیارە ئەمە ژێی یەکەمە و ئەمە ژێی دووەمە.

**ڕامان:** هەر بەو شێوەیە فێری کەمانچەژەنین بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەندەی بیرم دێ، ئەگەر هەڵە نەبم لەگەڵ هونەرمەند سەلاح ڕەئووف پێکەوە دەستمان دایە فێربوونی مۆسیقا، لە یەک کاتدا پێکەوە دەستمان پێکرد.

**ڕامان:** چۆن لەگەڵ هونەرمەند سەلاح ڕەئووف

یەکتان گرتەوە و لەگەڵ یەکتر ئاشنا بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوکاتە هەردووکمان قوتابیی خانەی مامۆستایان بووین، ساڵی یەکەممان بوو.

**ڕامان:** لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی بوو یەکەم جار یەکتان گرتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو کاتە خانەی مامۆستایان لە ئیسکانی سەرەوە بوو، ئیتر من خەریک بووم، بڕوات بێ چلەی هاوین پەنجەرە و دەرگاکەشم دادەخست، پەردەکەشم دادەدایەوە بۆ ئەوەی دایک و باوک و خوشک و برام بێزار نەکەم، حەوت، هەشت سەعات لە هاویندا ڕاهێنانم کردووە، نە کەتافیەیەک هەبووە بیخەیتە سەر شانتەوە، نە هیچ شتێک هەبوو، لە سلێمانی هیچ شتێک نەبوو.

**ڕامان:** کەتافیە بۆ سەر شانە، تا ئەوانەی کەمانچە دەژەنن شانیان بەرز نەکەنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بۆ سەر شانە، بۆ ئەوەی لە کاتی ژەنین شانت بۆ کەمانەکە بەرز نەکەیتەوە، ئێستا ئەگەر سەیری شانم بکەی، دەبینی ئەم شانەم لەوەی دیکە بەرزترە، هۆکارەکەی نەبوونی کەتافیەیە، من ئەو شانەم لەپێناوی فێربوونی کەماندا داناوە، بۆیە ئەو شانەم بەرزترە، هەموو جلێک کە دەیکەم دەبێ کەتافییەکی زیادە بخەمە ژێر شانی ڕاستەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ شانی چەپدا هاوتای بکەمەوە.

**ڕامان:** لێرە دەتوەستێنم، دوایی دێینەوە سەر ئەو بابەتە.. یەکەم جار کە چوویتە بەر خوێندن لە یەکی سەرەتایی، چۆن چوویتە بەر خوێندن، لە چ قوتابخانەیەک دەستت پێکرد، باوکت، برات، کەسێکت تۆی بردووە تا لەوێ ناوت تۆمار بکرێ؟

**نامدار قەرەداغی:** دوو برا لە من گەورەتر بوون، سەردار و سالار، دوو خوشکیشم لە من گەورەتر بوون، سروە و ئاواز، ئاواز ئەمری خوای کردووە، تەمەنی لە خوار منەوە بوو، برایەکی تر و چەند خوشکی دیکەم هەن، پێش من ئەو دوو برایەم لە قوتابخانەی فەیسەڵییە بوون، ئەوەندەی بەحاڵ وەک خەو لەبیرم بێ، منیش خرامە قوتابخانەی فەیسەڵییەوە.

**ڕامان:** پۆلی یەکت لەوێ خوێند؟

**نامدار قەرەداغی:** پۆلی یەک، یان دوو بووە، ئەوەیان نازانم، لەوە دەچێ پۆلی یەک بێ، ماوەیەک لەوێ دەرسم وەرگرت، هەر ئەوەشم لە خەیاڵ نییە چۆنە، سەرەتاییەکەم لەوێ بوو، فەوزی ئەفەندی (فەوزی ڕەشید)م بیر دێ، دەرسی پێ گوتووم، گۆڕەپانەکەیم بیر دێ، پەنجەرەکانی هەمووی لەبەرچاومدا گەورە، دەرگای گەورە، مامۆستای گەورە، حەوشەیەکی زل و ڕاکە ڕاکە.

**ڕامان:** تۆ لە قوتابخانە و لەناو قوتابییەکان کەسێکی چۆن بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** من کەسێکی بێدەنگ بووم، یەکێک لەوانەی کە لەبیرم ناچێ بۆ پەروەردە کە زۆر سوودی لێ وەردەگرم، ناویشی نابەم، نازانم ئەوکاتە گوێگرم، یان لە پۆلی یەکم، ئەرکی ڕۆژانەم بەجێ نەگەیاندووە، ڕەنگە بە هەڵە نووسیبێتم، یان نازانم هۆیەکەی چییە، مامۆستایەکی پۆلی یەک، قەڵەمێکی سووری گەورەی پێ بوو، لەوانەیە قەڵەمەکە بچووک و لە چاوی مندا زۆر گەورە بووبێ، کردی بە سەرمدا، سەرم شکاو خوێنی لێ هات، ئێستاش دەست لە سەرمەوە بدەی چاڵە، چاڵێکی چاک، ئەمە مامۆستا وای لێکردم.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە، مامۆستای ئەلفوبێی کوردیتان بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەگـەر بیشـزانم نایڵێـم، مەبەسـتم لـەوە نموونەیـەک بـوو لـەو پـەروەردە سـەقەتەی ئـەو ڕۆژگارە.

**ڕامـان:** بێگومـان ئـەو جۆرە پەروەردەیـە کاریگەری نەرێنـی و خراپـی هەیە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتاش سـەرم شـوێنەکەی چاڵـە، مامۆستاشـم لـە پۆلـی چـوار و پێنـج و شەشـی سـەرەتاییدا هەبـووە، هەتـا مـاوم قەبرەکـەی مـاچ دەکـەم، نـاوی ئەوەیـان دەبـەم کـە عەبدوڵـڵای حاجـی حەمەسـوورە.

**ڕامـان:** دوایـی دێینـە سـەر هەمـوو نـاوەکان، جارێ بـا پۆلـی یەکـی سـەرەتایی تـەواو بکەیـن.. دواتـر کاریگەرییـە خراپەکـەی ئـەم ڕەفتـارەی مامۆسـتاکەت لەگـەڵ تـۆ چـی بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پێـش هەمـوو شـتێک لـە قوتابخانـە هەسـت بـە دڵنیایـی و ئەمـان ناکـەی، هەسـت ناکـەی ئەمـە ماڵـی خۆتـە.

**ڕامـان:** ئـەو جـۆرە ڕەفتارانـە، خۆشەویسـتیی خوێنـدن و فێربـوون لـەلای قوتابـی لاواز دەکـەن، قوتابـی شـەوق و زەوقـی خوێندنـی نامێنـێ.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتا خـۆم مامۆسـتام، ئـەو لایەنـە پەروەردەییانـە زۆر ڕەچـاو دەکـەم کـە خـۆم بەسـەرم هاتـوون، نـەک هـەر ئـەو تیۆرانـەی خوێندوومنەتـەوە، بگـرە ئەوانـەی ئەزموونـی ژیـان فێریـان کـردووم، ئـەو مامۆسـتایەی خۆشـم ویسـتووە لەبەرچـاوم بـووە، پرسـیومە بۆچـی خۆشـم ویسـتووە، یـان بۆچـی ئەمەیانـم خـۆش نەویسـت، یـان بـۆ ڕقـم لـە مەکتـەب هەڵگـرت، یان بۆچـی حـەزم نەکـردووە بچمـەوە مەکتـەب و پێـم ناخـۆش بـووە، کاتـێ لـە خوێنـدن و قوتابخانـەدا ئارامـی و خۆشەویسـتیت لـێ دەسـتێنن، ئـەوە کاریگەریـی دەروونـی گـەورەی هەیـە.

**ڕامـان:** ئارامـی و هەسـتکردن بـە دڵنیایـی و بەخشـینی خۆشەویسـتی بـە قوتابـی، لایەنـی گرنگـی پەروەردەییـن، کـە ئەوانـە نەمـان، ئیـدی قوتابـی نائومێـد دەبـێ.

**نامـدار قەرەداغـی:** هەرچەندە ئەوە مامۆستایەک بـووە ئـەو ڕەفتـارەی بەرانبـەرت نوانـدووە، ئەوانـی دیکـەم بیـر نایـەت، لەوانەیـە مامۆسـتای زۆر چاک بووبـن، مامۆسـتام هەبـووە بەحـاڵ بەبیـرم دێ گوتوویـە وێنـە بکـەن، ئینجانەیـەک و گوڵێکـی تێـدا بـێ، ئـەوەی بیریشـم بـێ هـەر ئینجانـە و گوڵەکـە بـووە فێریـان کردوویـن، ئێسـتا ناتوانـم وێنەیەکـی تۆزێـک بـاش بکـەم، تەنیـا فێریـان کـردم ئینجانەیـەک و گوڵێـک بکـەم.

**ڕامـان:** لـە پۆلـی یـەک مامۆسـتای سـروودتان هەبـوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نایەتە خەیاڵم هەمانبووبێ.

**ڕامـان:** لـە پۆلـی دووی سـەرەتاییش مامۆسـتای هونەرتـان نەبـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـەوە دەچـێ لـە پۆلـی دوو مـن گوێزرابێتمـەوە قوتابخانەیەکـی دی، چونکـە قوتابخانـەی فەیسـەڵییە نەمـاو هەڵوەشـایەوە، تـێ ناگـەم بۆچـی ئـەو قوتابخانەیـە نەمـا؟

**ڕامـان:** دواتـر بـۆ چ قوتابخانەیـەک چـووی، نـاوی ئـەو قوتابخانەیـە چ بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەوەی بیـرم بـێ منیـان بـۆ قوتابخانـەی پیرەمەگـروون و بێخـود نـارد کـە پێکـەوە بـوون، مـن لـە قوتابخانـەی بێخـود بـووم، چەنـد ڕۆژێـک لـەوێ مایـنـەوە، لەوێـوە بـۆ قوتابخانـەی ئەمیـن زەکـی ناردیانیـن.

**ڕامـان:** ئـەو قوتابخانەیـە چەنـد لـە ماڵتانـەوە دوور بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو کاتـە ئێمـە ماڵمـان لـە سـەرەتای ئیسـکان بـوو، بە تـەواوی نایەتە خەیاڵم ماڵمـان لـە کـوێ بـووە، هەڵبژاردنـی قوتابخانـە بـە

دەست خۆت نەبوو، لە فەیسەڵییەوە دەچیتە ئەم شوێنە، خۆت هەڵت نەبژاردووە، دوایی لەوێوە وەک قوتابی هاتمەوە بۆ قوتابخانەی بێخود، لە قوتابخانەی بێخود، پۆلی پێنج و شەش لەوێ بووم.

**ڕامان:** مامۆستاکانت بەبیر دێنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** مامۆستاکانم بیر دێنەوە، شەوقی ئەحمەد ئەفەندی ئێستاش ماوە، بەڕێوەبەرمان بوو، عەبدوڵڵای حاجی حەمەسوور مامۆستای کۆمەڵایەتی و هەندێک وانەی ترمان بوو، تەنیا لەگەڵمان پێدەکەنی، ڕەفتاری لەگەڵماندا وەک هاوڕێ بوو، وانەی مێژووی پێ دەگوتینەوە.

**ڕامان:** لە چ پۆلێک وانەی مێژووی پێتان گوتووەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە پۆلی چوار و پێنج تا شەش، نازانم لەمانە لە کامە پۆل وانەی پێ دەگوتینەوە، هەر هات گوتی بە نواندنەوە قسەکانتان بکەن، ئێمە هەر واماندەزانی لە فیلمداین، شمشێرەکەی دەردەهێنا و ئەمە وای کرد و وای کرد، ئەوە وای کرد، لەگەڵ قسەکانی هەر دوو باڵی ڕادەوەشاند، وەکوو بیەوێ بە شتی سادە و ساکار، دۆکیومێنتارییەکی زۆر گەورەت پێشان بدا، لەگەڵمان پێدەکەنی، دڵی خۆش بوو، مامۆستاشمان هەبوو زۆر عەبووس و خراپ بوو.

**ڕامان:** وەک زانیومە دواتر بە مامۆستا گەڕاویتەوە قوتابخانەی بێخود، ئەمە چۆنە؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستە، ڕێکەوت وا بوو کە خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، بوومەوە مامۆستا لە هەمان شوێندا، چوومە ئەو شوێنانەی پێشتر لێی دانیشتبووم، بەڵام ئێستا من مامۆستام و وانە دەڵێمەوە، ئەوکاتە عەبدوڵڵا ئەفەندی مابوو، شەوقی ئەفەنیش هەر وەکوو جاران بەڕێوەبەر بوو.

**ڕامان:** ناوی تەواوی م. شەوقی چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** شەوقی ئەحمەد.. بووبوومە مامۆستا لەگەڵ مامۆستاکانمدا، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەماندا، هەمان پۆل و هەمان قوتابخانە، ئێستاش نەگۆڕاوە، بینا و تەختە و هەموو شتێکی هەروەکوو خۆی ماوە و نەگۆڕاوە.

**ڕامان:** تۆ گەڕایتەوە هەمان قوتابخانە، کە پێشتر مامۆستا و بەڕێوەبەرەکەتانی لێ بووە، ئەوە ڕێکەوتێکی سەیر و خۆشیش بووە.

**نامدار قەرەداغی:** تەنیا من بووم بەڕێکەوت گەڕامەوە ئەو قوتابخانەیەی تێیدا قوتابی بووم.

**ڕامان:** لەوێ بوویتە مامۆستای چ وانەیەک؟

**نامدار قەرەداغی:** بوومە مامۆستای هونەر، ئەوسا مۆسیقا هونەریان پێ نەدەگوت، ئەو کاتە پێیان دەگوت مۆسیقا. پێشتر مامۆستامان هەبوو زۆر خراپ بوو، من قەت لە قوتابخانە لێدانم نەخواردووە، لە ژیانمدا نە لە کەسم داوە، نە کەسیش لێی داوم، دوو سێ قوتابی بێ دایک و باوکمان هەبوو، تەمەنیان گەورە بوو، لە دواوە دادەنیشتن، با ناو نەڵێین، چلەی زستانە قوتابییەک دەفتەرەکەی لەبیر چووە، یان ئەرکەکەی جێبەجێ نەکردووە، هەر لەو شتە بچووکانە، قوتابی فەقیر چی بکات و چی دەسەڵاتە، فڵان و فڵان وەرنە دەرەوە، ناوەکانیشیانم لەبەرە، دەیگوت وەرن، دەچوونە لای تەختە ڕەشەکەوە.

**ڕامان:** زۆر ئاساییە ناوەکانیان بڵێی.

**نامدار قەرەداغی:** ئاساییە؟

**ڕامان:** ئەی بۆ ئاسایی نییە، ئەوە چل- پەنجا ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە.

**نامدار قەرەداغی:** ناویان عومەر، عەلی، عوسمان بوو، عومەرەکەیان یەکێکی باڵابەرز بوو.

**ڕامـان:** ئەگـەر نـاوی باوکیـان نەزانـی، ئـەوە ناویـان نەهێنی باشـترە.

**نامـدار قەرەداغـی:** تـا سـاڵێ لەمەوەپێـش لەسـەر شـەقام دەمبینیـن، بەمانـەی دەگوت وەرن گۆرەوی و پێڵاوی ئـەو قوتابیانـە داکەنـن، دەیهێنانـە پێشـەوە، ئەویش بـە حەیـزەران دەکەوتـە لێدانی بنی پێیان، مناڵەکـە زریکـەی پـێ دەکـەوت، دەرەوەش بەفـر و سـەرمایە.

**ڕامـان:** لەسـەر ئـەو شـتە بچووکانـە بـە دار لـە بنـی پێیانـی دەدا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، بـە شـووڵ و دار لـە قاچـی دەدان، یـان بـە حەیـزەران لێـی دەدان.

**ڕامان:** ئەوە فەلاقەکردن بووە.

**نامــدار قەرەداغــی:** ئیتــر قوتابیــان دەتۆقیــن، مامۆسـتای وەکـوو (عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی)ش هەبـوو دەیگـوت واز لـە قوتابخانـە نەهێنـن، یـان دایـک و باوکـی قوتابییـەکان دەیانگـوت نابـێ قوتابخانـە بەجـێ بهێڵـن، هـۆکاری تـر هـەن کـە نابـێ قوتابـی دەسـت لـە خوێنـدن هەڵبگـرێ، ئەگینـا ئەمانـە ئەشـکەنجە بـوون، یـان قەڵەمـی دەخسـتە بەینـی پەنجەکانتــەوە و ئێشـێکی زۆری پـێ دەگەیانـدی.

**ڕامـان:** تـا سـەرەتاییت تـەواو کـرد هـەر لـە قوتابخانــەی بێخــود بــووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر لـە قوتابخانـەی بێخـود بـووم، بێخـود و پیرەمەگـروون دەوامیـان بـە یەکـەوە بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی قوتابخانـەی ئەمیـن زەکـی کـە ماوەیـەک لەوێـش بـووی، کەمێـک باسـی ئـەو قوتابخانەیەشـمان بـۆ بکـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە قوتابخانـەی ئەمیـن زەکـی، تـا سـێ و چـوار لـەوێ بـووم، لەوێـوە بـۆ قوتابخانـەی بێخـود گوێزرامـەوە، گوتمـان بێخـود و پیرەمەگـروون لـە یـەک بینـادا بـوون، بەیانیـان ئـەو، دوای نیـوەڕوان ئەوەکـەی دیکەیـان، دەوامەکەیـان ئـاوا بـوو.

**ڕامـان:** لـە خوێندنـی سـەرەتایی چاکـەی ئـەو مامۆسـتایەت لەبیـر نەچـووە، ئەگـەر نـاوی مامۆسـتا باشــەکانی دیکــەش بڵێــی خــراپ نییــە، ئەوانــەی خۆشـت ویسـتوون، یـان لـە ڕێـی ئەوانـەوە قوتابخانـە و خوێندنـت لـەلا شـیرین و خۆشەویسـت بـووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** عەبدوڵـڵای حاجی حەمەسـوور پلە یەکە و مامۆسـتا شـەوقی ئەحمەدی بەڕێوەبەر، ئەوانـەم زۆر بـەدڵ بـوون، ئەوانـی دیکـە مامۆسـتای ئاسـایین، ئـەوە نییـە پێویسـت بـکا ناویـان بێنـم، لـە قوتابخانـە توندوتیـژی هەبـووە، بـۆ مـن بـە هیـچ جۆرێـک تونـدی نەبـووە، هۆکارەکـەی پەروەردەکەی مـن بـووە، یـان مـن ئینسـانێکم هەوڵـی خۆمـم داوە و کۆششـم کـردووە.

**ڕامـان:** هـەر خـۆت کۆششـت دەکـرد و دەتخوێند، یـان لە ماڵـەوەش هاوکارییـان دەکردی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر خـۆم دەمخوێنـد، مـن زۆر حـەزم لـە سـەعی بـوو، حـەزم لـە خوێنـدن بـوو، دیسـیپلینم هەبـوو، تـا ئـەم سـاتەش کـە قسـە دەکەیـن، کـە دەسـت دەدەمـە شـتێک بەجیـددی دەسـتی دەدەمـێ، تـا ئـەم سـاتەش هـەروام کـردووە، هیـوادارم نەگۆڕێـم، کـە شـتێک بڕیـاری لـێ دەدەم بیکـەم، هـەر دەیکـەم، کـە کەمانـم کـڕی و ئـەو جیقەجیقـەی لێـوە هـات، بـە کەمانەکـەم گـوت هـەر دەبـێ فێـرت بـم، وازم لـێ نەهێنـا، گوتـم هـەر دەبـێ فێـرت بـم.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە لـە چ قۆناغێکـی خوێنـدن بـووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لەگـەڵ سـەلاح ڕەئـووف لـە خانـەی مامۆسـتایان بـووم، ئـەو کاتـە مامۆسـتا قـادر، مامۆسـتای مۆسـیقایان پـێ دەگـوت، ئـەو مامۆسـتای مۆسـیقامان بـوو.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتا قـادرە لـە ژیانـی هونەریتدا

گرنگە.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئیتـر ئەوسا هەندێک تیۆر، یـان وانەیەکـی وا نەبـوو بەهۆیـەوە بـەرەو هونـەر هانمـان بـدات.

**ڕامـان:** وەک چـۆن دەڵـێ بـا سیسـتماتیک، هەنگاوبەهەنـگاو بچینـە پێـش، ئـەوە خوێندنـی سـەرەتاییمان زانـی و باسـمان لێـوە کـرد، ئێسـتا تـۆ دەرچـووی بـۆ قۆناغـی ناوەنـدی، خوێندنـی ناوەندیـت چـۆن بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە قۆناغـی خوێندنـی ناوەندی، چوومـە ناوەندیی سـەڵاحەددین.

**ڕامـان:** لـە قوتابخانـەی ناوەندیـی سـەڵاحەددین خوێنـدت، بەڕێوەبەرەکـەت نـاوی چ بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە ناوەندیـی سـەڵاحەددین، عومـەری مچـە بەڕێوەبەرمـان بـوو.

**ڕامـان:** ئەوکاتــە عومــەر مسـتەفا بەڕێوەبــەری ناوەندیـی سـەڵاحەددین بـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئـەوەی جـادوو و نوشتەی دەکرد و هەنـدێ شـتیان لـێ دەگێڕایەوە.

**ڕامـان:** عومــەری مچـە لـە سـلێمانی کەسـێکی ناسـراو بـوو، لـەو سـاڵانەی پێـش ڕاپەڕیـن لـە ماڵەکـەی خـۆی بـە پیک لەسـەریان دا و کوشـتیان، ئـاگام لـەو ڕووداوە بـوو، لـە سـلێمانی زۆر دەنگـی دایـەوە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو مامۆسـتایە دەسـتی بـۆ مـن نەبـردووە، بـەڵام زۆر لـە قوتابیانـی دەدا، باوکمـی دەناسـی، مـن قوتابییەکـی زۆر زیـرەک بـووم، بەتایبەتـی لـە بیرکاری، لـە هەمـوو قوتابیانی قوتابخانەکـە زیرەکتـر بـووم، دەشـڵێن مۆسـیقا و بیـرکاری لەنـاو مێشـکدا پێوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە.

**ڕامـان:** زۆریـش پێوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە، دوکتـۆر نـووری جەعفـەر و دوکتـۆر عەلـی ئەلشـۆک لـە کتێبەکانیاندا بە جوانی باسـی ئـەو پێوەندییەیان کـردووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** مامۆسـتای بیرکاریـم هــەر پرسـیارێکی بهێنابایـەوە، بەحـاڵ قـورس بووایـە دەیگـوت بێجگـە لـە نامـدار کێـی دیکـە دەیزانـێ، واتـە مـن بـۆم نەبـوو دەسـت هەڵبـڕم و وەڵامەکـە بدەمـەوە، ئەگـەر کـەس نەیزانیبـا، ئەوجـا بـە منـی دەگـوت فەرمـوو وەڵام بـدەرەوە.

**ڕامـان:** هیـچ جارێـک ڕێکەوتـووە وەڵامی پرسـیارەکە نەزانی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر بـۆ سـوعبەت و شـۆخی دەیگێڕمـەوە، جارێـک پرسـیارێکی کـرد و لەسـەر تەختـە ڕەشـەکەش نووسـی، گوتـی جگە لـە نامدار کـێ دەیزانـێ؟ لـەو کاتـەدا منیـش وەڵامەکـەم نەدەزانـی، لـەرزم لـێ هـات، لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم نایزانـم، ئێسـتا دەڵـێ دەی فەرمـوو نامـدار وەڵامەکـەی چییـە و تەریـق دەبمـەوە، بـەڵام بـاش بـوو خـۆی وەڵامەکـەی گـوت. مـن لـە قوتابخانـەدا ئـاوا بـووم، زۆر زیـرەک بـووم، نمـرەی زۆر باشـم هەبـوو، لـەوێ ناوەندیـم تـەواو کـرد.

**ڕامـان:** کـە تـۆ ئەوەنـدە زیـرەک بـووی، بۆچـی چوویتــە خانــەی مامۆسـتایان، بــۆ نەچوویتــە ئامادەیـی و دواتـر زانکـۆ تـەواو بکـەی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** باوکـم چووبـوو بڕوانامەکـەم وەرگرتبـووەوە، هــەر لەوێـش بڕیـاری دابــوو کــە بچمــە خانــەی مامۆســتایان، عومــەری مچــە و مامۆسـتاکان پێیـان گوتبـوو، ئـەو قسـەیە باوکـم خـۆی بـۆی گێڕامـەوە، منداڵـی ئـەو کاتـە چـی دەزانـێ، بـاوک بڕیـارت بـۆ دەدا، دایـک بڕیـارت بـۆ دەدا، بەتایبەتـی بـە پلـەی یەکـەم بـاوک بڕیـار دەدا.

**ڕامـان:** ئەوجـا گوتبوویـان نابـێ بچێتـە خانـەی مامۆسـتایان، لەبـەر ئـەوەی قوتابییەکـی زیـرەک

بـووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵــێ، گوتبوویــان دەبــێ بچێتـە ئامادەیی و بەشی زانستی، بارودۆخی ئەو کاتـە و ماڵـی ئێمـە و هەندێک کاروباری تایبەتـی تـر، وای لـە باوکـم کردبـوو بـۆ مـن وای بەبـاش بزانـێ بچمـە خانـەی مامۆسـتایان، بـە سـێ سـاڵ تـەواوی بکـەم و دابمەزرێـم، ئەوکاتـە زۆر ڕێـزی مامۆسـتا دەگیـرا و زووش دادەمـەزرا.

**ڕامـان:** دەیانگـوت زوو دەسـتی لـە نانێـک گیـر دەبـێ و دەبێتـە مەعاشـخۆر.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵــێ، دەسـتی لـە نانێـک گیـر دەبـوو، لـەو کاتـەدا مامۆسـتا ڕێـزی هەبـوو.

**ڕامـان:** پێـش ئـەوەی بچینـە سـەر قۆناغـی وەرگرتنـت لـە خانـەی مامۆسـتایان، بـا نەختێـک باسـی سـێ سـاڵی خوێندنـی ناوەندیـت بکەیـن و وردی بکەینــەوە، لــەوێ ئــەو مامۆســتایانەی لــە بـواری هونەریـدا هانـدەرت بـوون و بەدڵـت بـوون، ئەوانـەی لـە یادەوەریتـدا مـاون، باسـی ئەوانـە بکـە، مامۆستای هونـەر چ دەورێکی لـە ژیانتدا گێڕا، ئایا لـە خۆشەویسـتکردنی هونـەر دەورێکیـان هەبـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** مـن بەبیـرم نایەت مامۆسـتای هونەرمـان هەبووبـێ، لـەوێ مامۆسـتای هونەرمـان نەبوو.

**ڕامـان:** پێـم سـەیرە لـە خوێندنـی ناوەندی مامۆسـتای هونەرتـان نەبووبێ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نەمانبـووە و بەبیـرم نایـەت هەمانبووبــێ، ئەگــەر هەشــبووبێ بیــرم نایــەت، دیـارە شـتێکی وا نەبـووە، چونکـە لـەو کاتەشـدا مـن خولیـای مۆسـیقا بـووم، کەمانـم نەبووە و بەرەسـمی دەسـتم نەداوەتـە مۆسـیقا، بـەڵام هـەر حـەزم لـە مۆسـیقا و لـەو کەشـوهەوایە بـووە، قوتابخانەکەمـان عومـەری مچـە بـە لێـدان و بـە شـەق توندوتۆڵـی کردبـوو، ئـەو دۆخـە بـۆ مـن خـۆش نەبـوو، وەلـێ ئـازاری بـۆ مـن کەمتـر بـوو، لەبـەر ئـەوەی مـن لێـدان و شـەقم نەدەخـوارد.

**ڕامـان:** دیـارە تـۆ کەسـێکی وریـا و سـەرکز و فەقیـر بـووی، کۆششـی ڕۆژانـەی خـۆت کـردووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** شـتێکی وام بیـر نایـەت، مامۆسـتای بیـرکاری لـێ دەرچـێ، بەداخـەوە ناوەکەیـم بیـر نییـە، کـە دەبینـم هانـم دەدات و بـە قوتابییـەکان دەڵـێ جگـە لـە نامـدار کێـی دی دەیزانـێ، ئاخـر قوتابـی ئـەوەی پـێ خۆشـە، ئەمـە لەنـاو قوتابییەکانـدا ڕێـز و پێزانینێکـە بـۆ تـۆی دەنوێنـێ، لـەڕووی دەروونییـەوە زۆر گرنگـە، وات لـێ دەکا زیاتـر هـەوڵ بـدەی، بیـرم نایـەت مامۆسـتایەکی دیکـەم هەبووبـێ بڵێـم ئەمـە زۆر جیاوازە، هەموویـان مامۆسـتای ئاسـایی بـوون.

**ڕامـان:** لـە قۆناغـی سـەرەتایی وانەکانتـان بـە زمانـی کـوردی دەخوێنـد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەردوو قۆناغەکەمـان بینیـوە، خوێنـدن کـوردی بـووە، لەپـڕ دەبـووەوە بـە عەرەبی.

**ڕامـان:** لـە سـەرەتایی و ناوەنـدی خوێندنەکـەت وا بـووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لـە سـەرەتایی و لە ناوەندیشـدا، قۆناغێکـی کـەم دەبـوو بـە عەرەبـی، دوای ماوەیـەک دەبـووەوە بـە کـوردی، مـن بیـرم دێ کـە چووینـە ناوەنـدی هەمـوو شـتێک گـۆڕا، کـە شۆڕشـی عەبدولکەریـم قاسـم بەرپـا بـوو، یـان کـە لێیـان دا و بەعسـییەکان هاتبـوون، منێکـی منـداڵ دەفتـەرم بـە دەسـتەوەیە و دەمـەوێ بچـم بـۆ قوتابخانـە، بەرێکـەوت وێنـەی عەبدولکەریـم قاسـم بـە بەرگـی دەفتەرەکەمـەوە بـوو کـە پێیـان دابووین، حـەرەس قەومییـەکان خەریـک بـوو لێـم بـدەن، ئـەو بارودۆخـە زۆر بێـزاری کردبوویـن.

**ڕامـان:** بەپێـی هەڵکشـان و داکشـانی دۆخـی سیاسی ئەو ڕۆژگارە، بەو دوو زمانە خوێندووتانە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، دۆخی سیاسی تەواو نەبوو، سەیریان دەکرد خوێندنی عەرەبی سەر ناگرێ، بێ سەروبەریەکیش هەبوو، کە بووم بە مامۆستا هەر هەمان شت بوو، دەیانکرد بە عەرەبی، کە پێشمەرگە دروست بووەوە، دەچوون کتێبە عەرەبییەکانیان دەسووتاند و لەپڕ دەیانکردەوە بە کوردی، ئەوانیش دەیانگوت قەی ناکا با ببێتەوە بە کوردی، دۆخە سیاسییەکە وەکوو تۆ دەڵێی، هەمیشە لە گۆڕاندا بوو، لە سەرەتاییدا مامۆستای هونەرم هەبووە، بەڵام وەک بیرم بێ مامۆستای پسپۆڕم نەبووە.

**ڕامان:** مامۆستای مۆسیقاتان هەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** مامۆستای مۆسیقای پسپۆڕ نا، بەڵام مامۆستایەک گوتوویەتی گۆرانی بڵێن، سروود بڵێن، لەو مامۆستایانەمان هەبووە، بەڵام کاریگەرییان لەسەرم نەبووە.

**ڕامان:** ئەی ئەو مامۆستایانە سروودیان بە ئێوە نەگوتووە؟ یان سروودی دیاریکراو هەبووبێ پێتانی بڵێنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** سروودەکان هەر مامۆستای ئاسایی پێی گوتووین، بۆیە من بیرم نایەت مامۆستایەک هاتبێ و ئامێرێکی پێ بووبێ، قەت شتی وا نەبووە.

**ڕامان:** قەت ئەو مامۆستا تایبەتەتان نەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، من نەمدیوە، چەند مامۆستایەکی وەک ویلیەم یۆحەننا، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، فەرەنسیس داوود هەبوون، لەوانەیە کاتی منداڵیی من نەبووبێ، بەڵام دوای من هەبووە، من لە ناوەندی بووم، ئەنوەر قەرەداغی هەبووە، کاتێک چووینە خانەی مامۆستایان، ئەو مامۆستا قادرە هەبوو.

**ڕامان:** لە چ قۆناغێکی خوێنتدا ڕێکەوتی مامۆستایەکی پسپۆڕ و شارەزای هونەرت کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** لە قۆناغی خانەی مامۆستایان بوو، ئیتر من ئەنوەر قەرەداغی دەبینم بە ئۆکۆردیۆنێکەوە دەهات، بەڵام ماوەیەکی زۆر کەم هات و لە پڕ ون بوو.

**ڕامان:** کەواتە تۆ لە ناوەندی هیچت بیر نایەت، مامۆستایەک هاتبێ و شتێکی لێوە فێر بووبی؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، هەر بیرم نایەت وانەی هونەرم خوێندبێت، باشتر وایە بڵێم وانەی مۆسیقام بەبیر نایەت، لە سەرەتایی هەر دەیانگوت سروود بڵێن، گۆرانی بڵێین، پێیان دەگوتین، (خوایە وەتەن ئاوا کەی) و ئەوانە بڵێن، لە ناوەندی هیچم لە یادەوەریدا نییە کە وانەی هونەریمان هەبووبێ.

**ڕامان:** پێشتر گوتت باوکت پلانی ئەوەی دانا خوێندنەکەت لە خانەی مامۆستایان تەواو بکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لێرەوە ئیتر تەواو، بڕیاری خۆیان داوە.

**ڕامان:** خۆت ئەو بڕیارەی ئەوانت پێ باش بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** من لە دژی نەبووم.

**ڕامان:** ئیتر چوویتە خانەی مامۆستایان و فۆرمێکتان پڕ کردەوە، هیچ کێشەیەک بۆ وەرگرتنەکەت نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئاگام لە پڕکردنەوەکەی فۆرمەکە نەبوو، هەمووی ئەو کردوویەتی، باوکم کەسێک بوو لە سلێمانی دەیانناسی، عومەر ئاغای قەرەداغی، کارەکانی بۆ ئاسان دەکرا، تەنانەت خۆم نەچووم بڕوانامەکەم لای عومەری مچەی بەڕێوەبەر وەرگرمەوە، بۆ ئەو جۆرە ئیشانە هەر باوکم دەچوو، ئیشەکانی بۆ دەکردین، ئێمە تۆزێک نازدار بووین، باوکم لەو ئیشانە زۆر گورجوگۆڵ و وریا بوو.

**ڕامان:** خانەی مامۆستایان لە ماڵتانەوە دوور بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئەو کاتە ئێمە ماڵمان لە ئیسکان بوو، خانەی مامۆستایانیش هەر لە ئیسکان بوو، نێوانی ئیسکانی سەروو و ئیسکانی خواروو، زۆر لە یەکەوە نزیک بوو.

**ڕامان:** ئیتر چوویتە پۆلی یەکی خانەی مامۆستایان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، چوومە پۆلی یەک.

**ڕامان:** بە چەند ساڵ ئەو قۆناغەت تەواو کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** سێ ساڵ، ساڵی سێیەم موتەبیق بووین، ئێمە وانەمان دەگوتەوە.

**ڕامان:** پێم باشە ساڵ بە ساڵ قسە لەسەر خوێندنی خانەی مامۆستایان بکەی، ساڵی یەکەمی خوێندنی خانەی مامۆستایان چی لە یادەوەریتدا بەجێهێشتووە، لەو سەرەتا و دەستپێکردنە کێت ناسی، هاوڕێکانت، ئەوانەی لەگەڵت بوون و لەوێ وەرگیران کێ بوون، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئێستا ناون و هەن، لەناو کۆڕ و کۆمەڵ ناوبانگیان هەیە و باس دەکرێن، ئەوانە کێن؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکێک لەوانە هونەرمەند سەلاح ڕەئووف بوو.

**ڕامان:** لەو قۆناغەشدا هەر لەگەڵت بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، یەکێکی دی لەوانە عوسمانی حەمەومین بوو، کە بە عوسمانی چەلۆ ناسراوە، ئەوەش یەکێکە لە سەربازە ونەکان.

**ڕامان:** پێم خۆشە لانی کەم لێرە باسی ئەو سەربازە ونانە بکەین، عوسمان حەمەمین یەکێکە لەوانەی لە سەرەتای دروستبوونی کۆرس بۆ منداڵان دەستپێشخەری کردووە، بەم شێوەیە باسیان کردووە، کەچی خۆی ماوە و قسەش ناکات؟

**نامدار قەرەداغی:** ماوە و لە ئینگلتەرا دەژی، ئەویش سەربازێکی ونە، کوڕێکی تابڵێی بەڕێز، ژەنیارێکی چاک بوو.

**ڕامان:** ئێوە لەنێوان خۆتان لەگەڵ عوسمان حەمەمین و سەلاح ڕەئووف بیروڕاتان ئاڵوگۆڕ دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** پێش ئەوەی دەست بدەینە مۆسیقا زۆر تێکەڵ نەبووین، تەنیا ئەو قوتابییە و منیش قوتابیم، عوسمان حەمەومین ساڵێک پێش ئێمە بوو، جارێ هاوڕێ نەبووین، هەر پێکەوە قوتابی بووین.

**ڕامان:** ئەوکاتە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لەوێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەنوەر قەرەداغی دوایی هات.

**ڕامان:** وا بزانم م. ویلیەم یۆحەننا پێش ئەنوەر قەرەداغی لەوێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** دەبێ م. ویلیەم یۆحەننا پێش من لەوێ بووبێ، بۆیە ئەوم بیر نایەت، تەنیا ئەو مامۆستا قادرەم بیر دێت، بەحەقیقەت م. ویلیەم یۆحەننا مامۆستای هەموو مامۆستاکانە.

**ڕامان:** هیوادارم ناوی باوکی ئەو مامۆستا قادرە، یان نازناوی بدۆزیتەوە.

**نامدار قەرەداغی:** هەر دەیدۆزینەوە، منیش نەزانم، ئەنوەر قەرەداغی دەیزانێ، ئەو نەیزانێ دەبێ ئەوانی دیکە بیزانن، من تۆزێک لەوەدا خراپم.

**ڕامان:** کێشە نییە، دەیدۆزینەوە و ساغی دەکەینەوە.

**نامدار قەرەداغی:** لە خانەی مامۆستایان هۆڵێکی بچووک بوو، لەناو هۆڵەکەدا ژوورێکی بچووک

هەبـوو، ئـەو ژووره، ژووری مۆسـیقا بـوو، هەندێـک ئامێـر و کەلوپەلـی مۆسـیقای تێـدا بـوو، ئەنـوەر قەرەداغی کە زانیی من و سەڵاح ڕەئـووف خەریکە فێری مۆسیقا دەبین، ڕۆژێک لـەو ژووره بچووکـەدا تاقیـی کردینـەوە.

**ڕامـان:** ئـەو وەک مامۆستا و سەرپەرشتیار هاتبـووە بەشـی مۆسیقا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نازانـم مامۆسـتای ڕەسـمی، یـان سەرپەرشـتیار بووبـێ، بـەڵام سـەری دەدا.

**ڕامـان:** ئەوکاتـی کەسـێکی ناسـراو بـوو، نـاو و ناوبانگـی هەبـوو؟

**نامدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئەوکاتـە ئەنوەر قەرەداغی نـاو بـوو، لـە تیپـی مۆسیقای سلێمانی بـوو، هەروەهـا سەرپەرشـتیاری هونـەری بـوو.

**ڕامـان:** ئـەو خوێندنـەی تۆ لە خانەی مامۆسـتایان ساڵانی چەنـد تا چەنـدی خایاند؟

**نامـدار قەرەداغـی:** کە چوومە خانەی مامۆسـتایان، سـاڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ و ئـەو دەوره بـوو، لەوانەیـە سـاڵێک ئەولاتـر، سـاڵێک ئەملاتـر بووبـێ، ئیتـر سـەڵاح ڕەئـووف بـەرەو تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی چـوو.

**ڕامـان:** ئاخـر تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی سـاڵی ١٩٦٩ دروسـت بـووە، ئـەو تیپـە سـەرەتا بەشـی نواندنیشـی لەگـەڵ بـووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو کاتـە بوو بیسـتم گوتیان کۆمەڵـی هونـەری وێـژەی کـوردی کراوەتـەوە، مـن بۆخـۆم، خـۆم فێـر کـرد، ئیتـر خەریکـی گۆرانیـی بـاران بارانـە و نۆتەلێدان و...

**ڕامـان:** دیاره ورده ورده نۆتەش فێر بووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ڕۆژێـک عوسـمان چەلـۆ هـات بـۆ ماڵمـان، ئـەو پێـش ئێمـە دەسـتی دابـووە کەمـان، کـە هـات کەمانەکـەی بـە دەسـتەوە گـرت، گوتـی ئـاوا پێـی دەڵێـن تریـل لـە مۆسـیقادا، گۆرانییەکـی لـێ دا و لەرینەوەکـەم زۆر پـێ خـۆش بـوو، سـەیری پەنجەیـم کـرد، لەگـەڵ سـەڵاح ڕەئـووف دەچووینـە ماڵـی یەکتـری، دەهـات بـۆ لام و منیـش چەنـد کەڕەتێـک چـووم بـۆ لای.

**ڕامـان:** پێـش ئـەوەی پێوەنـدی بـە تیپێکـەوە بکـەی، لـە خانـەی مامۆسـتایان، لەگـەڵ ئەنـوەر قەرەداغـی چیتـان کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هیچـی وا نەکـرا، هـەر یـەک دوو وانـەی پـێ گوتینـەوە، دواتـر ئـەو و سـەڵاح ڕەئـووف چوونـە تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی.

**ڕامـان:** کەواتە هیچی وای لێ فێر نەبووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بـە هیـچ جۆرێـک، یـەک وانـەی پـێ نەگوتـم بڵـێ نۆتـە ئـاوا لـێ دەدرێ و ئـەو کەمانـە ئـاوا دەگیـرێ، نـەک هـەر ئـەو، هیـچ کەسـێک لـە ژیانمـدا فێـری نەکـردم، تـا چوومـە ئەورووپـا، هـەر خـۆم، خـۆم فێـر کـردووە.

**ڕامـان:** پێتوایـە ئیـدی تـا دەرچوونیشـتان لـە خانـەی مامۆسـتایان، لـە بـواری هونەریـدا هیـچ پێشـکەوتنێکی ئەوتـۆ ڕووی نـەدا؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر خـۆم، خۆم فێـر کردووە و لـە ماڵــەوە ڕاهێنانـم کـردووە و بەهـۆی ئـەو کتێبـەوە، گوێم لـەو قەوانانە گرتـووە و کەمانەکەم ژەنیـوە، (سـەماعی) خەریکـی گوێگرتـن و نۆتـەش بـووم، ئیتـر ئـەوە بـوو بیسـتم لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٩ کۆمـەڵ کراوەتـەوە.

**ڕامـان:** یەکـەم جـار نـاوی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی بـوو.

**ڕامـان:** چونکـە لـە پەنجاکان بـە نـاوی کۆمەڵـی هونـەرە جوانەکانی کورد بـووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێسـتا دیسـان ناویـان ناوەتەوە کۆمەڵـی هونـەرە جوانەکانـی کورد.

**ڕامـان:** ناوەکـەی جارانـی بەبـێ وێـژە بـۆ گەڕاوەتـەوە و چووەتـەوە سـەر ئەسـڵی خـۆی، کـە ڕەفیـق چـالاک و هاوڕێکانـی لـێ بـوون.

**نامـدار قەرەداغـی:** کـە لقـی بەغدامـان کـردەوە، ڕەفیـق چـالاک کرایـە سـەرۆکی لقـی بەغـدا، ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٦٩ وا دروسـت بـوو، لـە قەسـرەکەی تەوفیـق قـەزاز بـوون، یەکسـەر کـە دەچـووی یەکـەم شـوقە بـە دەسـتی چەپـدا، چەنـد ژوورێـک بـوو.

**ڕامـان:** کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، مەڵبەنـدی گشـتی بـوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، مەڵبەندی گشتی بوو.

**ڕامان:** دوایی لقتان لە هەولێریش کردەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** جـارێ نـاوی مەڵبەنـدی گشـتی نەبـوو، چونکـە هـەر خـۆی بـوو، دوایـی گوتیـان لـق بکەینـەوە، ئەوجـا نـاوی مەڵبەنـدی گشـتی لـێ نـرا، لـە هەولێریـش لقێـک کرایـەوە. مـن کـە بیسـتم کۆمـەڵ هەیـە، منداڵێکـی شـەرمن، کەمانەکـەم هەڵگـرت و بـەرەو قەسـرەکەی تۆفیـق قـەزاز چـووم.

**ڕامان:** بۆ تەمەنت چەند بوو وا شەرمن بووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بـرای وام هەیـە تەمەنـی لـە مـن گەورەتریشـە، ئێسـتاش دەتوانـی پێـی بڵێـی شـەرمن، شـەرمەکە هـی منداڵـی نەبـوو کـە پێـی بڵێـی شـەرمن، شـەرمنێکی وا نـا کـە هیـچ قسـە نەکـەی، بەڵکـوو شـەرمێکی وا کـە زەرەری هەیـە، شـەرمەکە لـە ئەدەبەوەیـە، بـەڵام شـەرم بـەو ئاسـتە بـێ هەڵەیـە.

**ڕامـان:** شـەرم بوێـری لـە ئینسـاندا دەکـوژێ و زیـان بـە بەهرەکانـی دەگەیەنـێ.

**نامـدار قەرەداغـی:** مـن مۆسـیقا بوێـری دامـێ کـە بـەرەو کۆمـەڵ بـڕۆم، ئەگـەر مۆسـیقا نەبووایـە لەوانەیـە ئـەو بوێرییـەم نەبووایـە ئـەم هەنـگاوە بنێـم، کەمانـم هەڵگرتـووە و خـۆم فێـر کـردووە، جورئەتـم هەیـە و دەزانـم ئامێرێـک لـێ بـدەم، خۆم کـرد بـە کۆمەڵـدا و بینیـم دەرگا کراوەتـەوە، لەنـاو هۆڵێکـی بچووکـدا پرسـگەیەک هەبـوو، کەمانـم بـە دەسـتەوەیە، پێـم گوتـن مـن فڵانـم، هاتـووم لێـرە ببـم بـە ئەنـدام، گوتـی ئـای بەخێـر بێیـت. ئـەو ژوورەی ئەوبـەر دەرگاکـەی داخرابـوو، گوێـم لـە مۆسـیقا بـوو، گوتیـان ئـەوە ژووری مۆسـیقایە، فەرمـوو خـۆت بکـە بەوێـدا، لـە دەرگام دا و کردمـەوە، شـەوکەت ڕەشـیدە نایناسـم، ئەوانـەی لەوێـن کەسـیان ناناسـم.

**ڕامان:** چەند کەس لەوێ بوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوانـەی بەبیـرم بێـن: شـەوکەت ڕەشـید، سـەڵاح ڕەشـیدی برای، سـالاری حەمەبچکۆل، بـرای ئـازادی حەمەبچکۆل، ئەکرەم ئەحمەد سـەیفوڵڵا کـە ئێسـتاش مـاوە و لە سـلێمانییە، کەمانی لێ دەدا، (ئەنـوەر چاوشـین)یان پـێ دەگـوت، نازانـم باوکـی نـاوی چییـە، عـودی لـێ دەدا، عەلـی حەمـەڕەزا، کەمانـی لـێ دەدا، حەمەسـعید عەبدوڵـڵا، کەمانـی لـێ دەدا، قـادر ناوێـک بـوو، تەپڵـی لـێ دەدا، قـادر نـەوزاد کـە چـووم گۆرانـی دەگـوت.